# دادگای فیدراڵی دەستووری بوونی بڕگەیەکی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو پووچەڵ دەکاتەوە



دادگای فیدراڵی عێراق دەڵێت، بڕگەی هەشتەم لە ماددەی ٣٥ـی یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو ژمارە ٩ـی ساڵی ٢٠١٤ نا دەستوورییە.

ئەمڕۆ دووشەممە ١٦ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ماددەی ٣٥ لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو نادەستوورییە.

هەروەها، لە ماددەی ٣٥ـی یاساکەدا هاتووە، بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت مافی مووچەی خانەنشینیان بەشێوەیەک لە رێژەی ٨٠٪ـی کۆی کۆتا مووچە و دەرماڵەکانیان تێپەڕنەکات.